گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper18

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 01-05-2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 04-07-2023
ڕێكەوتی بلاوكردنەوە: 28-02-2025

# ڕۆڵی هۆكارە دەروونییەكان لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساكانی هاتوچۆ

**لیا حسن محمد میراودەلی**
Lya.hassan@uor.edu.krd
بەشی پەروەردە و دەرونزانی، کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی هۆكارە دەرونییەكانی پشت سەرپێچی و پابەندنەبونی شۆفێر بەیاسا و ڕوداوەكانی هاتوچۆ، هەروەها تیشك خستنە سەر ئەو هۆكارەی كە وا لەشۆفیردەكات كە گوێ بە یاسا و ڕێنماییەكانی هاتوچۆ نەدات، ئەو دەرئەنجامانەشی لێیدەكەوێتەوە چین، زانینی هۆكارە دەرونییەكانی پشت سەرپێچی و ڕوداوەكانی هاتوچۆ لەلای شۆفێران بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، تەمەن، بڕوانامە). نمونەی توێژینەوەكەش پێكهاتوە لە (307) كەس لە شۆفێرانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین لە تەمەنی (18- 45) ساڵی لە هەردو ڕەگەز، بۆ ئەم مەبەستە پێوەری (زهراء: 2016) بەكارهاتوە كە پێكهاتوە لە (30) برگە، كە دابەشبوە بەسەر چوار ڕەهەند و هۆكاری دەرونیدا لەوانە: (ئاڕاستەی نەرێنی ڕوە و یاساكانی هاتوچۆ، ڕۆڵی هەڵچونە دەرونییەكان لە پابەندنەبون بە یاساكانی هاتوچۆ، ڕۆڵی پاڵنەری سەركەشی و وروژاندن، ڕۆڵی فشار وماندوبونی كار). بۆ دڵنیابون لە ڕاست و دروستی پێوەرەكە سەرجەم تایبەتمەندیە سایكۆمەترییەكانی وەك جێگیری و ڕاستگۆیی ئەنجامدراوە، بەجۆرێك ڕاستگۆیی پێوەرەكە (100%) و جێگیریەكەشی (0.80) بو. ئەنجامەكانی توێژینەوەكە بریتیبو لە هەبونی ڕۆڵی هۆكارە دەرونییەكان لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساكانی هاتوچۆ، هەروەها لەگۆڕاوی ڕەگەزدا (نێر و مێ) بەنزیكەیی یەكسانن لە ئاڕاستەكانیان بۆ یاساكانی هاتوچۆ، بەڵام لە ڕەهەندەكانی تر جیاوازن و ڕەگەزی (نێر) بەرزترین ئاستی تۆماركردوە بە بەراورد بە ڕەگەزی (مێ) بەتایبەت لە پاڵنەرەكانی سەركەشی و وروژاندن، هەروەها لە گۆڕاوی تەمەندا جیاوازی هەیە بەپێی قۆناغەكانی تەمەن، واتا ڕۆڵی هۆكارە دەرونییەكان لەسەر تەمەنەكانی (18-25) زیاترە بە بەراورد بەتەمەنەكانی (26-35) هەروەها ئەمەش بەبەراورد بەتەمەنەكانی (36-45). سەبارەت بە گۆڕاوی بڕوانامە، دەركەوتوە كە هەرچەند بڕوانامەی بەرزترین هەبێت ئاڕاستەكان ئەرێنیترن و ڕۆڵی هۆكارە دەرونییەكان ڕێژەكەیان نزمتر دەبێتەوە وەك لە ئەنجامی توێژینەوەكە هەموی خراوەتەڕو. لەكۆتاییشدا پێشنیار و ڕاسپاردەكان خراونەتەڕو.

**كلیلە وشەكان:** هۆكارە دەرونییەكان، یاساكانی هاتوچۆ، شۆفێران.

## گرفتی توێژینەوە:

لەم چەند ساڵانەی دواییدا هەواڵەکانی مردن بەهۆی ڕوداوەکانی هاتوچۆ میدیاکانی تەنیوە و ڕوداوەکانی هاتوچۆش لە خۆوە و بەسودفە ڕونادەن، بە هۆی یەك هۆکارەوە ڕونادەن، بەڵکو هەر ڕوداوێك چەند فاکتەرێك دەبێتە هۆی ڕودانی، کە دەبێت جیاکاری لەنێوان ئەو فاکتەرانە بکەین بۆ زانینی ئەندازەی کاریگەری ئەو فاکتەرە لەسەر هۆکاری ڕودانەکە، کە هۆکارەکان زۆرن لە ڕوداوی هاتوچۆدا پشکیان هەیە، لەناویاندا دۆخی دەرونی شۆفێرە. هەروەها سێ ڕەگەز پشکیان هەیە لە دروستکردنی ڕوداوی هاتوچۆ کە بریتین لە: ڕێگا، ئۆتۆمۆبێل، بەکارهێنەرانی ڕێگا کە (شۆفێر و پیادەڕەو) دەگرێتەوە (سبع، و زعتر:٢٠١٤: ١٠٠). ئەوەش دەزانین ڕێژەی مردن بەهۆی ڕوداوی هاتوچۆ بەیەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکان دێت لە جیهاندا بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی (داتاکانی ساڵانەی ڕاگەیاندنەکان کە لەوەزارەتی پەیوەندیدارەوە ڕادەگەیەندرێت). لە جیهاندا مردن بەهۆی ڕوداوی هاتوچۆوە نزیکەی (1.3) ملیۆن کەسە بۆ هەر ساڵێك و ٤٪ وەک ڕێژەی زیادبون (News. UN. Org). ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO:2022) لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا ئاماژە بەوە دەدات کە ڕێژەی مردن بەهۆی ڕوداوەکانی هاتوچۆ بەرزدەبێتەوە بۆ (13) ملیۆن حاڵەتی مردن و (500) ملیۆن بریندار تاوەکو ساڵی (2030) ئەگەر ڕێوشوێنی پێویست و بەپەلە نەگیرێتەبەر و هۆکارەکان دراسەنەکرێن (WHO:2022). بە بۆچونی توێژەر جگە لە خراپی ڕێگاو بان و کەمی هێما و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ کە لایەنی پەیوەندیدار لێی بەرپرسە، ڕێزنەگرتنی یاسا و پابەندنەبون کێشەی جەوهەری و سەرەکی هاتوچۆیە لە وڵاتی ئێمە، کە بەشێکی دەگەڕیتەوە بۆ ملکەچنەبون بۆ یاساکان و بەشێکیشی بۆ نەبونی هۆشیاری تاك سەبارەت بەیاساکان و سەلامەتی هاتوچۆ. کە زۆربەی توێژینەوەکانی لەم بارەیەوە ئەنجامدراون لەسەر ئاستی ولاتانی جیهان ئاماژە بۆ فاکتەری مرۆیی دەکەن. کە ئەمەش پەیوەندیدارە بە دۆخ و گوزەرانی (ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی) خەڵك، چونکە ئەو بارودۆخانە ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر لایەنی دەرونی تاك (بە ئەرێنی و نەرێنییەوە)، ڕاپۆرتە مۆدێرن و نێودەوڵەتییەکان پەیوەندیی توخمە مرۆییەکان بە ڕوداوەکانی هاتوچۆ، (بەو پێیەی یەکەم بەرپرسە لێی) بۆیان دەرکەوتوە کە ٨٥%ی هۆکارەکانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ پێکدەهێنێت (News. UN. Org). بەمەبەستی گەڕان و لێکۆڵینەوە لە واقیعی ئەم حاڵەتە و سروشتەکەی، بۆ زانینی هۆکارە دەرونییەکانی پشت ڕودانی و دۆزینەوەی چارەسەری کاریگەر بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕوداوانەی کە لە ڕێگاوبانەکاندا ڕودەدات، کە بەزۆری لە ئەنجامی خێرایی و پێشڕەوییدا ڕودەدات، تیرۆری ڕێگاکان یان نەخۆشی سەردەم سەر هەڵدەدات. لەبەرئەوە گرفتی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم پرسیارەدا بەرجەستەدەکات، ئایا هۆکارە دەرونییەکان پشکیان هەیە لە ڕوداوەکانی هاتوچۆدا؟ ئایا ئەو هۆکارە دەرونییانە کامانەن کە زیاتر پشکدارە لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ؟ ئایا هۆکارە دەرونییەکانی پابەندنەبونی شۆفێر بەپێی هەریەک لە گۆڕاوەکانی (تەمەن، ڕەگەز، بڕوانامە) جیاوازی هەیە؟

## گرنگی توێژینەوە:

دیاردەی ڕوداوی هاتوچۆ و لێکەوتەکانی دیاردەیەکی مەترسیدارە و مەترسیەکەی لەو کاریگەرییە نەرێنیانەدایە کە لەسەر ئاستی نیشتمانی زیانی مرۆیی و مادی بەجێیدەهێڵێت. لە هەندێ توێژینەوەی عەرەبی ڕوداوی هاتوچۆ بە سێیەم هۆکاری مردن دادەنێن لە جیهانی عەرەبیدا لەدوای شێرپەنجە و نەخۆشي دڵ، لەهەندێ لەتوێژینەوە عەرەبیەکان کە لەولاتانی سعودیە و جەزائیر ئەنجامدراوە (الغامدی:2003) و (عبیدی: 2009) پشتڕاستی دەکەنەوە کە ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری تاکەکانە کە پێیانوایە یاسا جەوهەری کێشەی هاتوچۆیە لە کۆمەڵگای عەرەبیدا، کە ئەمەش بەرئەنجام و وێنەدانەوەی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگایە کە خۆی لە پابەندنەبون و ڕێزنەگرتن لەیاساکانی هاتوچۆدا دەبینێتەوە

(بونعارة: 2017: 27). لە هەرێمی کوردستانیش وتەبێژی گشتی هاتوچۆی هەرێم (عەمید ئەسعەد مەلا کەریم) لەبارەی قوربانیانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ بۆ ساڵی (2022) باس لەوە دەکات زیاتر لە (3706) ڕوداوی هاتوچۆ ڕویداوە و لە ئەنجامدا (445) هاووڵاتی هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە و (78) ڕەگەزی (مێ) و (367) لە ڕەگەزی (نێر) بون. هەروەها (7225) کەسی دیکەش برینداربون، ئاماژە بەوەشدەدات کە لەماوەی ساڵی ڕابردودا دو ملیۆن و چل و نۆ هەزار سەرپێچی لەلایەن شۆفێرانەوە تۆمارکراوە، ڕاشیگەیاند هۆکارە سەرەکیەکانی زیادبونی ڕوداوەکانی هاتوچۆ بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە، سەرەکیترینیان هەڵەی شۆفێرانە وەك: (پێشکەوتنەوە، سوڕانەوە، گۆڕینی ساید، بەکارهێنانی مۆبایل، تێژڕەوی، ئینجا تاك سایدی و ڕێگاو بان) (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕوداوەکانی هاتوچۆی هەرێم بۆ ساڵی 2022)(**https://esta.krd/220447**/). لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕینیش بەپێی داتا و ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ڕاپەڕین، کە بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە وەرمگرتوە، لەماوەی ساڵانی (2021- 2022). ڕێژەی ڕوداوەکانی هاتوچۆ ڕویان لە زیادبون کردوە و ئامارەکانی مردنیش بەهۆی ڕوداوی هاتوچۆ بەرەو هەڵکشان چوە (https://fb.watch/jUMj2hb8pp/) بۆنمونە لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین ڕێژەی مردن بەهۆی ڕوداوی هاتوچۆ (69) کەس و ڕێژەی برینداربونیش (583) کەس بوە لەماوە دوساڵی ڕابردودا (بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ڕاپەڕین). بە تێڕامان لەو ئامارانەی کە لەلایەن ڕێکخراو و ئۆرگانە فەرمی و نافەرمییەکانەوە دەردەچن، بۆمان دەردەکەوێت کە دیاردەی ڕوداوی هاتوچۆ بەربڵاوە و ساڵ لە دوای ساڵ دۆخەکە خراپتر دەبێت، بەتایبەت لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا کە تێچوی ڕوداوەکانی هاتوچۆ لە بەهای ئەو یارمەتییانەی کە پێیاندراوە زیاترە و خزمەتگوزاریەکانیش زۆر کەمن یاخود دەتوانین بڵێین هەر نین. دەبێت ئەوەش بزانین ڕوداوی هاتوچۆ بە ڕێکەوت ڕونادات و بەزۆری بەهۆی یەکێک لە هۆکارەکان دێتە بون، بەڵام بۆ هەر ڕوداوێک کۆمەڵێک هۆکار هەن کە دەبنە هۆی دروستبونی جیاکردنەوەی کاریگەری ئەم هۆکارانە بۆ خەملاندنی گرنگیان لە هۆکاری ڕوداوەکە، لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ڕوداوی هاتوچۆ بریتین لە کوالێتی ڕێگاکە و کەشوهەوا و فشاری کار و ئاستی بینین و دۆخی دەرونی شۆفێر و چەندین شتی تر....هتد (رحمة:2012: 48). ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگە تیشك خستنەسەر دۆخی دەرونی شۆفێرە کە تاوەکو ئێستا (بەپێی زانیاری توێژەر) لە کوردستاندا توێژینەوە و بەدواداچونی ورد و زانستی بۆ نەکراوە، کە لەڕاستیدا لایەنی مرۆیی (لەنێویاندا هۆکارە دەرونییەکان) پشکی شێری هەیە لە دروستکردنی ڕوداوەکانی هاتوچۆ، چونکە بونەوەری مرۆیی بەردەوام لەژێر کاریگەری لایەن و پێکهاتە دەروونیەکەیدایە (العبیدی:2009: 193). لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانیکی زانستی گرنگە و تیشك دەخاتە سەر حاڵەتێك کە لە ئێستادا بە مەترسییەکی گەورە و هەڕەشە ئامێز لە گیان و سەلامەتی تەندروستی تاکەکان و سەر و ماڵیان هەژمار دەکرێت. یەکەم توێژینەوە و بەدواداچونی کوردییە کە لەمبارەیەوە ئەنجامدرابێت و پەنجە بخاتە سەر ئەو گرفتە دیار و واقعیەی کە ئەمرۆ ڕوبەڕوی دەبینەوە، کە ئامانجی توێژەر بەڕونی هەوڵدانە بۆ زانینی ئەو هۆکارە دەرونییانەی لە پشت ڕوداوەکانی هاتوچۆ و پابەندنەبونی شۆفێرانە بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە. بەتایبەت تیشک خستنەسەر توێژی شۆفێر گرنگییەکی تری بەخشیوەتە توێژینەوەکە، (بەبۆچونی توێژەر) تاکە توێژینەوەی ناوخۆییە ئیش لەسەر شۆفێران بکات، لەکاتێکدا بەردەوام ژیانیان لە مەترسیدایە (بەپێی ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسکران).

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١- زانینی ڕۆڵی هۆکارە دەرونییەکان لە پابەندنەبونی شۆفیر بە یاساکانی هاتوچۆ بەگشتی.

٢- زانینی ڕۆڵی هۆکارە دەرونییەکان لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ بەپێی ڕەهەندەکانی (ئاڕاستەی شۆفێران، هەڵچونە دەرونییەکان، پاڵنەرەکانی وروژاندن و سەرکەشی، فشاری کار و ماندوبون).

٣- زانینی ڕۆڵی هۆکاره دەرونییەکانی له پابەندنەبونی شۆفێر به یاساکانی هاتوچۆ بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن).

**سنوری توێژینەوەکە:**

بریتییه له سەرجەم شۆفێرانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین (18-45) ساڵ، له هەردو ڕەگەز (نیر، مێ) بۆ ساڵی (2023).

**چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: هۆکاره دەرونییەکان:**

پێناسەی (العبیدی:2009) سەرجەم ئەو فاکتەر و پێکهینەره دەرونییانه دەگرێتەوە که دەبنه هۆی ئازار و ناڕەحەتی، وەك دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و خەوزڕان، که ئەوانیش لێکەتەو ئەنجامیتر بەدوای خۆیاندا دێنن (العبیدی:2009: 191).

**پێناسەی تیۆری توێژەر:**

بەهەمو ئەو هۆکارو ڕەهەندە دەرونییانه دەوترێت که پشکیان هەیه له ناڕەحەتی و خەم و ئازار بۆ تاک، که له ئاکامدا دەبنه بنەما بۆ کۆمەڵێک لێکەوتەیتری وەک لاوازی تەرکیز و خەوزڕان و خەمۆکی و دڵەڕاوکێ.

**پێناسەی کرداریی هۆکاره دەرونییەکان:**

بریتییه لەو نمرەیەی که بەشداربو (شۆفێران) بەدەستیدەهێنن له ئەنجامی وڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەرەکە.

**دوەم: یاساکانی هاتوچۆ:**

پێناسەی (عبد الحمید:2010) کۆمەڵێك بنەما و ڕێسای ناچاری (ملزم)ن، تایبەته بەڕێکخستنی هاتوچۆ و هۆشیاری و سەلامەتی ڕێگەوبان. یاخود ئەو بڕیار و نەریته ڕەچاوکراوانەن که له کۆمەڵگەیەکدا پیادەدەکرێت، هەروەها کۆمەڵێك پێوەری ڕێکخراوی ڕەفتارین بەجۆرێك ڕێگه به پەیوەندی دیاریکراوی نێوان تاکەکان و ڕێکخراوەکان دەدات، هەروەها سزاکانیش ڕێکدەخات بۆ ئەوانەی سەرپێچی لێدەکەن و له ڕێساکان دەردەچن بەمەبەستی دەستەبەرکردنی دڵنیایی و سەلامەتی جەستەیی و ماددی بۆ هەمو تاکەکانی ناو ئەو چوارچێوەیه (عبد الحمید:2010: 328).

**پێناسەی تیۆری توێژەر:**

بریتیه لەکۆمەڵە بنەماو پێوەرێکی دیاریکراوی تایبەت به ڕێکخستنی هاتوچۆ و سەلامەتی هاتوچۆو که بەپێی یاسا ڕێکخراوەو له ئەگەری سەرپێچیکردنیش سزای بۆ دانراوە.

**سێیەم: شۆفێر:**

پێناسەی (سبع، و زعتر: ٢٠١٤) ئەوکەسەیه که لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دەگرێته ئەستۆ، هەروەها بەکەسێک دەوترێت که مۆڵەتی شۆفێری هەیه بەپێی ڕێنمایی و مەرجه یاساییەکان که ڕێگه به هەڵگرەکەی دەدات ئۆتۆمبێل لێبخوڕێت (سبع، و زعتر:٢٠١٤: ١٠٣).

**پێناسەی تیۆری توێژەر:**

بەوکەسه دەوترێت که بەپێی مەرجه یاساییەکانی هاتوچۆی تایبەت به وڵاتەکەی مافی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی هەیە.

**چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشو**

**یەکەم: چوارچێوەی تیۆری**

**سایکۆلۆجیای ڕوداوەکانی هاتوچۆ:**

سایکۆلۆجیای ڕوداوەکانی هاتوچۆ بابەتێکی نوێیه له دەرونزانیدا، لەگەڵ توێژینەوەکانی منستریێرگ (Menesterberg, 1913) و توێژینەوەکانی (Moed, 1923) گرنگیدان بەم بابەته دەستیپێکرد. که تیایدا جەختیان لەچوار لایەن دەکردەوە

ئەوانیش: دەستنیشانکردن و ڕێنمایی و ئاراستەکردن و ڕاهێنانی شۆفێران بو پێش ڕێپێدانیان بە شۆفێری، پێیانوایە ئەم ڕێنماییە ئەساسی و ڕێکارە دەستنیشانکراوانە نامانگەیەنن بە دەرئەنجامێکی ئەرێنی و کاریگەری نابێت ئەگەر هۆشیاری شۆفێران بە مەترسییەکانی هاتوچۆی لەگەڵدا نەبێت، وێڕای ئەوەش دەبێت ئارەزومەندی ڕاهێنان و ئامادەکردنبن (زهراء:٢٠١٦: ١٢٥). جیمس لیۆن (James leon, 1995) پێیوایە دیاردەی ڕوداوەکانی هاتوچۆ سەر بەو لێکۆڵینەوانەیە کە بایەخ بە سایکۆلۆجیای شۆفیری (سيكولوجية القيادة) دەدات، بەجۆرێک پێیوایە کە بە ئامانجی سەرەکی کەمکردنەوەی ڕوداوەکان دادەنرێت، بەبواری کرداری لەقەڵەم دەدات چونکە بیرۆکەی زانستی ورد لەبواری شۆفێری دەخاتەڕو، هەروەها دەیخاتە پۆلێنی بابەت و ڕوداوە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان کە یەکانگیرە لەگەڵ لایەنە جۆربەجۆرەکانی زهنی و هونەری و ناهونەرییەکان، پێیوایە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی سایکۆلۆجی شۆفێران یارمەتی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە دەدات کە دەبنە بەربەست لەبەردەم شۆفێران، لەو بیردۆزانەی کە لەم بوارەدا بنیاتینا بیردۆزی ئیسباتکردن (نظرية العزو) بو، تیایدا ئەو ڕێگەو شێوازە دەخاتەڕو کە تاک شیکردنەوە و ڕاڤەی هۆکاری ڕودانی ڕوداوەکە دەکات، ئەمەش بەمەبەستی زانینی هۆکارەکانی پشت ڕوداوەکانی هاتوچۆ کە بە ڕوداوە دەرونییەکان ناسراون (ناصر:٢٠٠٥: ٧٦).

**هۆکارە دەرونییەکانی پابەندنەبونی شۆفێران بەیاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ خۆیان لەم چوار ڕەهەندەی خوارەوەدا بەرجەستە دەکەن:-**

**١- ئاراستەی شۆفێران بەرامبەر یاساکانی هاتوچۆ:** ڕەنگە هەڵوێست و مەیلی شۆفێران بەرامبەر بە خودی یاسای هاتوچۆ کاریگەری هەبێت لە ڕوی دەرونییەوە ڕێزی لێبگرن یان نا، کە زۆربەی جار ئەو سزایەی لەبەرامبەر سەرپێچیکردن بەیاساکان وەریدەگرن خۆی دەبێتە هۆکار بۆ پابەندنەبون، کە ئەمەش بەپێی بونیادی دەرونی و کەسایەتی تاکەکە دەگۆڕێت، دەبینین گەنجان زیاتر لەتەمەنەکانی تر ڕوبەڕوی یاساکانی هاتوچۆ دژ دەوەستنەوە و یاخیدەبن لە یاساکان بەهۆی سروشتی گەشەی ژیری و هەڵچونی و بونیادی کەسایەتییانەوە کە لەم کاتانەدا واپێویستدەکات زمانی قەناعەتپێکردنیان لەگەڵ بەکاربهێنی نەك سزادان و پەرچە کردار (سبع، و زعتر:2014:8).

**پێکهێنەرە سەرەکیەکانی تێگەیشتن لە سایکۆلۆجیای ئاراستەی شۆفێران:-**

**١- پێکهاتەی مەعریفی:** (کە بەئاگایی هاتوچۆ یاخود کۆی شارەزایی و زانیاری شۆفێران دەربارەی یاسا و پێوەرەکانی سەلامەتی هاتوچۆ ناودەبریت).

**٢- پێکهاتەی ویژدانی:** (کە ئاماژەیە بۆ ڕاددەی قبوڵکردن و وەرگرتنی پێداویستی و کەرەستەکانی سەلامەتی هاتوچۆ).

**٣- پێکهاتەی ڕەفتاری (سلوكي):** (ئەم پێکهاتەیە کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی دو پێکهاتەکەی سەرەوەیە، چونکە ڕەفتاری شۆفێر دەکەوێتە سەر ئەوەی تا چەند زانیاری هەیە، ئایا قبوڵی ئەو یاسایانە دەکات و پابەندەپێیانەوە). (الناصر:2005: 71).

**١- هەڵچونە دەرونییەکان:** هەڵچونەکان ڕۆڵی جیاواز و گەورەیان هەیە لە سەرپێچیکردن و پابەندنەبونی یاساکانی هاتوچۆ لەلایەن شۆفێرانەوە، لەو ڕەفتارە هەڵچونیانەی کە کاریگەری لەسەر دۆخی شۆفێر هەیە بریتییە لە دوژمنکاری (العدوانية) بە شێوە جیاوازەکانییەوە، لەلای ڕەگەزی (نێر) زیاترە لە ڕەگەزی (مێ)، بەتایبەت لەو دۆخانەدا کە شۆفێری بەرامبەر بەو جۆرە نییە کە خۆیان دەیانهەوێت. ئەم عدوانیەتەش بەپێی تەمەن و بەساڵاچون کەمتردەبێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی هەندێ کەس خۆیان ئامادەباشیان تێدایە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڕوداوی هاتوچۆ، بەجۆرێك کە ئارەزویەکی نەستی (رغبة لاشعورية) یان هەیە بۆ لەناوبردن و وێرانکردنی خۆیان کە لەشێوەی ڕوداو دەریدەبڕن و بەلای خەڵکیشەوە

وادەردەکەوێت کە قەزاوقەدەر بوە (رحمة:2012: 51). جگە لە عدوان هەڵچونەکانی تریش پشکیان هەیە لە دروستکردن و ڕودانی ڕوداوی هاتوچۆ کە هەریەکێکیان بەڕێژەی جیاواز کاریگەری لەسەر شۆفێر و دەرچونی لەیاساکان و ڕێزنەگرتنی یاسای هاتوچۆ دروستدەکات، لەوانەش ناکامی (الاحباط)، خۆشحاڵی زیاد لە پێویست (الفرح الزائد)، تورەبون. کە ئەمانەش دەبنە هۆکار بۆ دەرچون لەیاساکان (Javadi, Azad, et all: 2015: 247)، بەنمونە زۆرجار شۆفێر لە دەرئەنجامی خۆشحاڵییەك یان هەواڵێکی خۆشدا و بۆ دەربڕین و تەعبیرکردن لەو خۆشییە هەڵدەستێت بەئەنجامدانی هەندێ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سەرشێتانە و پڕ خۆشی کە دژی بنەماو یاساکانی لێخوڕین و شۆفێرییە. یان لە بێزاری و خەمۆکییەکی زۆرەوە، (بەمەبەست یان بێ مەبەست) توشی یاساشکێنی و ڕوداو دەبێت (نەك تەنها بۆ شۆفێر بۆ پیادەڕەوانیش هەمان شت ڕاستە، کە هاووڵاتی و بەکاربەری ڕێگەوبانن (عابر السبیل) (الناصر: 2005: 65).

٢- **پاڵنەرەکانی وروژاندن و سەرکەشی** (دوافع الإثارة والمغامرة): یەکێك لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی (ئیثارەبون) وروژاندن و سەرکەشی شۆفێران وێڕای تەمەن و ئاستی ژیریان ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیەیە کە جیهانی ئۆتۆمبێلیشی گرتوەتەوە و ڕۆژبەڕۆژ جۆر و مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکان ڕوی لەبەرزی و زیرەکییە، ئەمەش دەبێتە هاندەر بۆ ئەنجامدانی سەرکەشی و خۆنمایشکردن لەلایەن شۆفێرانەوە کە وایان لێدەکات متمانەیەکی زیاد لە پێویست بە ئامێر و ئەجهیزەکانی ئۆتۆمبێلەکە بکەن کە ئەمەش شۆفێرهاندەدات (بەتایبەت گەنج)(18-25) ساڵ، کە ڕوبەڕوی یاساکانی هاتوچۆ بوەستێتەوە. لە دو توێژینەوەدا "Fromm 1999" و "Oelthny 1998" کە لەسەر پەیوەندی پێکهاتەی بایۆلۆجی و ڕوحی سەرکەشی ئەنجامدراوە، دەرکەوتوە کە پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان هۆڕمۆنی نێرینە و گیانی سەرکەشیدا هەیە، هەرئەمەش خۆی هۆکارە بۆ هاندانی شۆفێری پیاو بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە ڕەفتارانە (نابلسي:2002: 56).

٣- **فشار و ماندوبونی کار** (الضغط والإجهاد العمل): شۆفێری پێویستی بەئاستێکی بەرزی ئاگایی و سەرنج هەیە، بە جۆرێك کە دەبێت شۆفێر دەستنیشان و تێگەیشتنی خێرای هەبێت بۆ ئەو گۆڕانکاریە ناکاو و لەپڕانەی ڕوبەڕوی دەبێتەوە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە شۆفێری وەك پیشە و بژێوی ژیان پیادەدەکەن، زۆرجار زیاتر لە شۆفێرانی ئاسایی توشی پەستان و ماندوبون دەبن، بەهۆی جۆری ئۆتۆمبێل و سروشتی کارەکەیان و ئامادەبون لەو کاتەدا کە بۆی دیاریکراوە، هەروەها درێژی مەودای ڕێگاکە و ئاڵوگۆڕی کاتی خەو و بەئاگابون، کە هۆکاری هەرە گەورەی ڕوداوەکانی هاتوچۆن کە هەمو ئەمانە کاردانەوەی تەندروستی و فشاری دەرونی لای شۆفێر دروستدەکەن کە دەرئەنجامی ئەو پەستان و ماندوبونە هەستکردن بە دۆخێکی نەرێنی دەرونی و بێ توانایی جەستەیی لەلا سەرهەڵدەدات و ئەمەش دەبێتە پاڵنەر بۆ کاردانەوەی نەرێنی و هەڵچونی بەردەوام و زیاد و دڵەڕاوکێی بەردەوام، کارکردن و شۆفێریش لەژێر کاریگەری ئەم دۆخەدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئاگایی و سەرنج و نەخوێندنەوەی هێماکان و پشتگوێ خستنی یاساکان و پاشان کەوتنەوەی کارەسات کە زۆربەی جار بە گیان لەدەستدانی شۆفێر و کەسانی تریش کۆتایی دێت (بونعارة: 2017: 32). چونکە نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە ماندوبونی جەستەیی و کارکردنی زۆر و ژمارەی کاتژمێرەکانی کار، کارلێکی فیزیایی و دەرون فسیۆلۆژی دروستدەکەن و دەبێتە هۆی زیاد و کەمی دەردانی هۆڕمۆنەکان و کەنەفتی و نەمانی سەرنج (زهراء:2016: 125). لەیەکێك لە توێژینەوەکاندا پزیشکی نەمساوی "هانس سیلی" پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو باس لەوە دەکات کە دەرئەنجامی پەستان و ماندوبونی کار جەستە دەستدەکات بە وەڵامدانەوە، لەڕێگەی دەردانی هۆڕمۆنەکان بۆ بەرگریکردن و ڕوبەڕوبونەوە و گونجان و گەڕاندنەوەی هاوسەنگی ناوەکی، کە دەرئەنجامی ڕژانی ئەم هۆڕمۆنانە (**هانس**) تێبینیکرد هەردو ماددەی (**کورتزول، کتیچولمین**) دەردەدرێن، ئەم دو هۆڕمۆنە دەبنەهۆی بەرزبونەوەی پەستانی خوێن و پاشان بەهەدەردانی ئەو وزە زیادە و یەدەگەی جەستە، وە ئەم وەڵامدانەوانە بە سێ قۆناغ ڕودەدەن:

أ- قۆناغی ئاگادارکردنەوە، کە تیایدا جەستە دەستدەکات بە دەردانی هۆڕمۆنات.

ب- قۆناغی بەرگریکردن، کەتیایدا جەستە جۆرێکی تر لە هۆڕمۆنات دەردەدات کە پێی دەوترێت (**گلیکوکورتکوید**)، کە ئەم ماددەیە ڕێژەی شەکر لەجەستەدا زیاددەکات.

پ- قۆناغی بەهیلاکچون و نەمانی وزە، کە بەحاڵەتی نەخۆشکەوتن دادەنرێت و لێرەدا جەستەی تاك هۆکارەکانی بەرگری و دەردانی هۆڕمۆنەکانی بەرگری نامینێت و لەبری ئەوە هۆرمۆناتی چالاککەر (المنشط) کاردەکات، کە (هانس) بە کۆتا قۆناغ و قۆناغی مەترسیداری تەندروستی و سەلامەتی جەستەیی ناوی دەبات، کە دەڵێت دەرئەنجامی پەستانی کار سەرهەڵدەدات و پاشان کاریگەری جەستەیی (کە بنەمان بۆ مەترسی سەلامەتی دەرونی و گیانی تاك) دروست دەکات (Javadi, Azad, et all: 2015: 247).

**هەندێك فاکتەری تر کە پشکیان هەیە لە دروستکردنی ڕوداوی هاتوچۆ و سەرپێچی و ڕێزنەگرتن لەیاساکانی هاتوچۆ:-**

**١- پەشۆکانی دەرونی:** ئەم دۆخە دەرونییە لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی مەترسی لەناکاو دروست دەبێت، کە شۆفێر ناتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بکات و هەنگاوی دروست و سەلامەت بنێت. بەتایبەت ئەو کەسانەی کە پێشبینی ڕوداو ناکەن و هەر بە خەیاڵی سەلامەتی شۆفێری دەکەن، بۆیە لە ڕووبەڕووبونەوەی دۆخی لەناکاو دەپەشۆکێن و کۆنترۆڵ لەدەستدەدەن و توانای دەستنیشانکردن و تێگەیشتنی کیشەکە و دەربازبون لێی نییە (نابلسي:2002: 59).

**٢- کەمی ئاگایی سەبارەت بەتێگەیشتن لە لێخوڕین و شۆفێریکردنی خۆپارێزی** (نقص الوعي بمفهوم القيادة الوقائية):

شۆفیر دەبێت تاکید لەسەر سێ هەنگاو بکاتەوە کە ئەمانەن:

أ- پێشبینیکردنی مەترسی (التوقع الخطر).

ب- کاردانەوەی سەلامەت (ردفعل السليم).

پ- هەڵسوکەوتکردن لەکاتی گونجاودا (التصرف في وقت المناسب). کە ئەمە لای زۆربەی هەرە زۆری شۆفێران پشتگوێ خراوە.

شۆفێران و هاووڵاتیان بێئاگا و ئەزمونن لەوەی شۆفێری خۆپارێزی پەیوەندی بەدروستی دەرونی و سەلامەتی و تەندروستی عەقڵیەوە هەیە، لەکاتێکدا زۆربەی زۆری شۆفێران لێخوڕین و شۆفێری خۆپارێزی بە ترسنۆکی و تەنزەوە دەبینن، بۆیە کەمی هۆشیاری لەمبارەیەوە کارەسات هێنەرە (سبع، و زعتر:2014: 102).

**١- شێوانی پەیبردن یاخود مەعریفی (التشوه الإدراكي أو المعريفي) لەنێوان شۆفێری خۆپارێزی و سەلامەتی هاتوچۆ:**

یەکێك لەتوێژینەوەکان "تایلور 2000" ئەم زانینی پەیوەندییە بە گەشبینی بەرگریکاری (التفاؤلية الدفاعية) ناودەبات. لەبەرئەوە شۆفێر دەبێت ئاگاداری و زانیاری لەسەر سێ شت هەبێت:

أ- پەیبردن بەمەترسی (الإدراك الخطر).

ب- پێشبینیکردنی توانستی خودی (توقع الكفاءة الذاتية).

پ- پێشبینیکردنی دەرئەنجام و لێکەوتەکان (توقع النتائج). (رحمة:2012: 53).

**٢- پەیبردن بە تێگەیشتن لەکات** (إدراك مفهوم الوقت): کە زۆرجار و بەداخەوە شۆفێران درك بە گرنگی کاتی شۆفێریکردن ناکەن، هەندێجار بۆ قەرەبوکردنەوەی کاتی لەدەستچویان پەنا بۆ تیژڕەوی دەبەن. یان بۆ نمونە کاتی گونجاو بۆ شۆفێرییان بەپێی تەندروستیان هەڵنابژێرن، وەك ئەو کەسەی کێشەی بینینی هەیە لەشەودا، یاخود ئەوانەی کێشەیان لەگەڵ تیشکی خۆر هەیە و لەکاتێکدا ڕێڕەوی دەکەن کە بە ئاڕاستەی تیشکی خۆرە، یاخود کاتی خەو یان پشوەکانیان

شۆفێری دەکەن. لەبەرئەوە یەکێك لەهۆکارە دەرونییەکان درك نەکردنە بە مەفهوم و تێگەیشتن لە کات (الناصر:2005: 73).

**٣- سەرقاڵی تاك** (انشغال الفرد): کە خۆی لە **سەرقاڵی (کرداری و ذهنی و فکری)** دا دەبینێتەوە، یەکێکی ترە لەهۆکارە دەرونییەکانی پشت ڕوداوەکان و شکاندنی یاساکان وەك: خەیاڵ ڕۆشتن بەهۆی سەرقاڵی بەکێشە ماددی و مەعنەویيەکانییەوە (جا بە مەبست یان بێ مەبەست).

**٤- بیرکردنەوەی یەك ڕەهەندی** (التفكير الأحادي البعدي) **لە ڕوداو و لێکەوتەکان و یاساکانی هاتوچۆ**: واتە تاك زیاتر بیری لای زیانە ماددیەکەیە نەك زیانە گیانیەکە. بۆنمونە لە توێژینەوەیەکدا کە لە وڵاتی جەزائیر "سبع وزعتر 2014" ئەنجامدراوە لەپرسیارێکدا کە ئاڕاستەی زۆربەی شۆفێران کراوە دەڵێت: (ئەگەر زانیارییەکان پێتبڵێن تەنها 3%ی ئەوانەی توشی ڕوداوی هاتوچۆ دەبن گیان لەدەست دەدەن، ئەوا تۆ گریمانەی ئەوە ناکەی کە تۆ یەکێك بیت لەو ڕێژەیە؟) بەداخەوە وڵامی (70%) یان بە نەرێنی و نەخێر بوە. ئەمە لەکاتێکدا کە هیچ شتیك ڕێگر نییە لەوەی کەهەریەك لەئێمە یەکێك بێت لە قوربانیانی ناو ئەو ڕێژەیە. لێرەدا ئەم درکپێکردنە دەچێتەوە سەر لقی (أ)ی خاڵی سێیەمی سەرەوە کە پێشبینیکردنی مەترسی (توقع الخطر)ە، هەرچەند کە هەندێجار لە دروستی دەرونیدا زیادەڕەویکردن لە پێشبینیکردنی ڕودانی مەترسی خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ دەرون نادروستی و پاشان هۆکار بۆ پەشۆکان و لێکەوتەی زیانی گیانی و ماددی. چونکە لە دەرونزانیدا زیادەڕەوی کردن لەم بارەیەوە بیرکردنەوەی نەرێنی (التفكير السلبي) پەرەپێدەدات و هۆکارە بۆ خەمۆکی و بێ هیوایی و سەرهەڵدانی بیرۆکەی خۆکوژی یان بیرۆکەی پشتگوێخستنی خود (عدم الاحترام و الإهمال الذات) کەئەمەش لێکەوتەی تر بەدوای خۆیدا دینێت (نابلسي:2002: 63).

**٥- ڕێزنەگرتنی خود** ( عدم الاحترام الذات): ڕێزگرتن لەخود هۆکارە بۆ ڕێزگرتنی یاساکان و ملکەچبون و پابەندبون پێیانەوە. چونکە مرۆڤ بەئەندازەی نرخ و ڕێزی خۆی نرخ بۆشتەکان و دەوروبەری (ماددی و مرۆیی) دادەنێت (رحمة:2012: 49).

**٦- پەستانی دەرونی** (الضغوط النفسية): کە هۆکار و بنەمای پابەندنەبونی شۆفێران و پیادەڕەوانە بە یاساکانی هاتوچۆ، کە ئەم پەستانە دەرونییەش دەرئەنجامی هۆکارگەلێکی زۆری پەیوەندیدار بەو ژینگە و پەروەردە و کەشە خێزانی و کۆمەڵایەتیەی کەتاك تیایدا گەورە دەبێت سەرهەڵدەدات، لەوانە پەستانی دەرونی بە هۆی (بارودۆخی ئابوری و بژێوی ژیانەوە، بێکاری و دەست بەتاڵی کە بنەمایە بۆ سەرهەڵدانی گەلێك گرفتی دەرونی وەك نامۆبون و بیرۆکەی ڕەشبینی و خۆکوژی و نائومێدی، نالەباری بارودۆخی سیاسی و حوکمڕانی، کۆمەڵایەتی و دابونەریت و کلتورە فشار ئامێزەکان، خراپی ڕێگاوبان و لەئاستی پێویست نەبونی یاساکان و نەبونی دادی کۆمەڵایەتی و یاسایی لە جێبەجێکردنی یاساکاندا کە هۆکارە بۆ پەستانی دەرونی و تورەبونی شۆفێر و لەبەرامبەردا پەرچەکردار و یاسا شکێنی کە وەك تۆڵەسەندنەوە یاخود دامرکاندنەوەی دۆخە دەرونییەکەی دەیگرێتەبەر)، هەمو ئەمانە وەك میکانزمێکی بەرگری بەکاریدەهێنێت و خۆی بەتاڵ دەکاتەوە لەو گرێ دەرونییەی کە بۆی دروست بوە، بێ گوێدانە یاساکان و دەرئەنجامە نەرێنیەکانی (الناصر:2005: 98).

**٧- سەرشێتی و دەفعبون** (التهور والإندفاع): یەکێك لەفاکتەرەکانی پابەندنەبون و دەرچون لەیاساکان پەیوەندی هەیە بە گیانی سەرکەشی و چاونەترسی و دەفعبونی شۆفێر کە بەبێ گەڕانەوە بۆ یاساکان، یاخود ئارەزومەندانە و چێژبەخشانە یاساکان دەشکێنن و هەستی خۆشی بەدیدەکەن لەو ڕەفتارانە. بەتایبەت چینی گەنجان ئەم سەرشێتی و دەفعبونەیان تیابەرزە و لەگەڵ بەساڵاچون و ئەزمون وەرگرتن تیایاندا کەم دەبێتەوە یاخود هەرنامێنێت(الغامدي:2003: 124).

### ڕەهەندی زیانەکانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ:

لەڕاستیدا دیاردەی ڕوداوەکانی ڕێگاوبان دیاردەیەکی فرەڕەهەندە و بۆ ئەوەی چارەسەربکرێت، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵە لە ڕەهەندەکانی (کۆمەڵایەتی، ئابوری، تەندروستی، ئاسایش و دەرونی).

**١- کۆمەڵایەتییە:** ئەگەر ئەو زیانە گەورەیەی مرۆڤ کە لە ئەنجامیدا دروست دەبێت لەبەرچاوبگرین، بە تایبەت ئەو زیانە جەستەیی و دەرونییەی کە لەدوای خۆی بەجێیدەهێڵێت، پێشێلکردنی ئاستی ژیانی کەسانی زیان لێکەوتو و خێزانەکانیان لە ئەنجامی ئامادەنەبونی سەرۆکی خێزانەکە، هەروەها ئەو خەرجییانەی کە بۆ چارەسەر تەرخانکراون، کە لە بودجەی خێزان، و لە ئەنجامدا، بارگرانی لەسەر ئەو خێزانانە دروست دەکات کە سپۆنسەری بریندارەکان یان کەمئەندامان دەکەن.

**٢- ئابورییە:** بەلەبەرچاوگرتنی ئەو تێچوە زۆرەی کە وڵاتان دەیکەن، کە بە ملیارەها دۆلار مەزەندە دەکرێت، کە لە ئەنجامی هەر ڕوداوێک کە ڕودەدات، بەو پێیەی ئامارەکانی ئەم دواییە تێچوی دارایی ساڵانە بە ٨٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی خەمڵاندوە بە زیانێکی ئابوری کە یەکسانە بە ٢٤.١ ملیار دۆلار، ٤٤٣ ملیار دۆلار لە ئەستۆی وڵاتانی داهات بەرزە، وەک بۆ وڵاتانی داهات نزم و مامناوەند، یان وەک پێیان دەوترێت وڵاتانی تازەپێگەیشتوی جیهان، ٩٦٥ ملیار دۆلاریان تۆمارکردوە و ئەم ژمارەیەش بە زۆر بەرز هەژمار دەکرا ئەگەر ئێمە بەراوردمان کرد لەگەڵ خراپبونی دۆخی ئابوری ئەو وڵاتانە، باسی ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنی لەدەستچو ناکەم، کە بەشدارییەکی بەرچاو لە دابەزینی ئابوریدا دەکەن.

**٣- تەندروستییە:** بەلەبەرچاوگرتنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە برینەکانیان سەخت بوە و پێویستیان بە داخڵکردن بوە لە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بن و دەرئەنجامەکانی ئەوەش تێچوی چاودێری تەندروستی و چاکسازییە، چونکە بەرکەوتەی ڕوداوەکان چییان لێدەکەن لەڕوی برین و سوتان و دڕانەوە کارێکی ئاسان نییە بۆیان.

**٤- ئاسایش و دەرونییە:** چونکە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی سەلامەتی هاتوچۆ و ئاسایشی خەڵک و ڕێگاوبانەکان، هەروەها زیان بە گیان وماڵیان دەگەیەنێت (زهراء: 2016: 7).

### دوەم :توێژینەوەکانی پێشو کە لەم بارەیەوە ئەنجامدراون

1. توێژینەوەی بونعارة، یاسمینة (2017) بە ناونیشانی (ڕازیبون لە ئەدای پۆلیسی هاتوچۆ و ڕەفتارەکانی و ڕۆڵی لە پێکهێنانی وێنایەکی دەرونی لەلای شۆفێران). کە ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئەو پەیوەندیەیە کە لەنێوان پۆلیسی هاتوچۆ و شۆفێراندا هەیە، ئاخۆ تێڕوانینی شۆفێران بۆ پیاوانی پۆلیسی هاتوچۆ چییە؟ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیەلە بونی تێڕوانینێکی ئەرێنی شۆفێران بۆ پیاوانی پۆلیسی هاتوچۆ، کە لە کۆمەڵێك دەستەواژەدا دەریانبڕیوە وەك (سورن لەسەر هەڵسان بە ئەرکی خۆیان، زمانیان شیرینە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ شۆفێران) (بونعارة: ٢٠١٧).

2. توێژینەوەی زهراء، بن عامر(2016) بە ناونیشانی (پەیوەندی فشارە دەرونییەکان بە ئەگەری ڕودانی ڕوداوی هاتوچۆ لەلای ئەوانەی شۆفێری وەك پیشە ئەنجام دەدەن)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیبو لەزانینی کاریگەری فشاری کارکردن لەسەر ئەگەری دروستکردنی ڕوداوەکانی هاتوچۆ. لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە گەیشتوە بەوەی کە پەیوەندی هەیە لەنێوان فشاری کارکردن و ڕوداوەکانی هاتوچۆ (زهراء: ٢٠١٦).

3. توێژینەوەی (سبع، محمد، و زعتر، نورالدین: 2014) بەناونیشانی (ئاڕاستەی شۆفێران ڕوەو سەلامەتی هاتوچۆ)، کە ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاڕاستەی شۆفێران ڕوەو سەلامەتی هاتوچۆ و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ کە بریتیبون

لە (مەعریفە و ویژدان و، ڕەفتاری شۆفێران) بۆ ئەم مەبەستەش پێوەریان بەسەر (110) شۆفێردا دابەشکردوە، لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە گەیشتوە بەوەی کە شۆفێران ئاڕاستەیان سلبیە ڕوەو سەلامەتی هاتوچۆ حەزیان لە جێبەجێکردنی سەلامەتی هاتوچۆ نەبوە (سبع، و زعتر: ٢٠١٤).

4. توێژینەوەی (javadi, Azad, et all:2015) بەناونیشانی (لێکۆڵینەوە لە هۆکارە دەرونی-کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەریان لەسەر ڕوداوەکانی هاتوچۆ هەیە لە نێو گەنجانی تاران)، ئامانجی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لەزانینی هۆکارە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی دەبنەهۆی ڕوداوەکانی هاتوچۆ. نمونەی توێژینەوەکە (٢٥٣) گەنجی تاران. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتوە بەو ئەنجامەی کە هۆکارە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان (فشاری دەرونی، فشاری کار، کێشەی خێزانی، گرفتی کۆمەڵایەتی) دەبنە هۆکاری سەرپێچی و دەرچون لەیاساکانی هاتوچۆ(javadi, Azad, et all:2015).

5. العبيدي، صالح (2009) بەناونیشانی (فاکتەرە دەرونییەکانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ) ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئەو هۆکار و فاکتەرە دەرونیانەی کە دەبنە هۆی ڕوداوی هاتوچۆ، کە لەسەر ئاستی نیشتمانی عەرەبی ئەنجامدراوە، بەشی ڕێکخستنی هاتوچۆ سمینار و دیداری زانستی پێی هەڵساوە. لەکۆتاییدا توێژینەکە گەیشتتوە بەوەی کە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان ڕوداوەکانی هاتوچۆ و فاکتەرە دەرونییەکانی وەك (هەڵچون و پاڵنەرو سەرشێتی و ئاڕاستە و تێڕوانینی شۆفێران بۆ یاساکانی هاتوچۆ) (العبيدي، صالح :2009).

**میتۆدی توێژینەوە**

میتۆدی ئەم توێژینەوە بریتیە میتۆدی وەسفی: کە یەکێکە لەو ڕێگە و شێوازانەی کە بۆ شیکردنەوەی زانستی و ڕێکوپێک بەکاردێت بۆ وەسفکردنی دیاردە و کێشە دیاریکراوەکانی وەک (دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندن) بەشێوەی چەندیەتی بەکاردێت لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی کە لە ئەنجامی ڕاپرسییەکە دەستمانکەوتوە سەبارەت بەو گرفت و دیاردەیە، پاشان ئەنجامەکان شیدەکاتەوە و پۆلێنیان دەکات بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی دەقیقمان بداتێ (بۆکانی:2020: 38).

**کۆمەڵگای توێژینەوە**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لەشۆفێرانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین لە تەمەنی (18- 45) ساڵی لە هەردو ڕەگەز (نێر، مێ)، بۆ ساڵی (٢٠٢٣). بەداخەوە لەبەر نەبونی داتایەکی ورد و بەردەست لەسەر ڕێژەی شۆفێران لە کوردستان بەگشتی و سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین بەتایبەتی، نەتوانرا بە ژمارە ڕێژەی شۆفێران بخرێتەڕو. کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی لایەنی پەیوەندیدار لەڕوپێوی ژمارەی شۆفێران و هەروەها بونی ڕێژەیەک لەشۆفێری بێ مۆڵەت و بونی ئۆتۆمبێلی بێ ژمارە، بەتایبەت لەم دەڤەرە (عمید حسن بکر حمد، عمیدی هاتوچۆ لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ڕاپەڕین).

**نمونەی توێژینەوە**

هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکەمان بە شێوەی هەڕەمەکی سادە وەرگیراون، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (307) شۆفێری بەشدار بو لەو تاکانەی کە وەڵامی برگەکانی پێوەرەکەیان دابوەوە بەسوپاسەوە.

**ئامڕازی توێژینەوە**

بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دوای گەڕان و بەدواداچون و خوێندنەوە، پێوەری (زهراء:2016) بەکارهاتوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، کە پێکهاتوە لە 30 بڕگە کە دابەش بوە بەسەر چوار ڕەهەند و هۆکاری دەرونییدا، بەجۆرێک ڕەهەندی (ئاڕاستەی نەرێنی ڕوە و یاساکانی هاتوچۆ) برگەکانی (١-٦)ە، ڕەهەندی (ڕۆڵی هەڵچونە دەرونییەکان لە پابەندنەبون بە یاساکانی هاتوچۆ) بڕگەکانی (٧-١٤)ە، ڕەهەندی (ڕۆڵی سەرکەشی و

چاونەترسی) برگەکانی (١٥-٢٢)ە، ڕەهەندی (ڕۆڵی فشـــار و ماندوبونی کار) برگەکانی (٢٣-٣٠)ە. لە بەرامبەر هەر برگەیەک (٣) بژاردە هەیە کە بریتین لە (زۆربەیجار، هەندێجار، بەدەگمەن) ، کە لەبەرامبەر بژاردەکان (3، 2، 1). بۆ دڵنیابون لە گونجاوی و دروستی پێوەرەکە تایبەتمەندی سایکۆمەتری بۆ ئەنجامدرا بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. **ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:**

بۆ ئەم مەبەستە پێوەرەکە بە شێوەبەراییەکەی درا بە (3) لەشارەزایانی دەرونزانی، دوای خوێندنەوەی برگەکان لەلایان شارەزایانەوە، سەرجەم برگەکان وەکو خۆیان مانەوە. ڕێژەی ڕاستگۆیی بۆ پێوەرەکە (100%) بو.

ب. **جێگیری**

بۆدڵنیابون لە جێگیری پێوەرەکە یاسای (ئەلفا کرۆنباخ) بەکارهاتوە، دەرکەوت کە ڕێژەی جێگیری پێوەرکە (0.80) بو. وەک لە خشتەی ژمارە (١) هاتوە.

**خشتەی ژمارە (١) ڕێژەی جێگیری پیوەری ڕۆڵی هۆکارە دەرونیەکان ڕون دەکاتەوە**

| Cronbach's Alpha |
|---|
| ٠.٨٠ |

## جێبەجێکردنی پێوەرەکە

دوای وەرگرتنی ڕێژەی ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەرەکە و دڵنیابون لە ڕاست و دروستییەکەی دەستکرا بە دابەشکردنی پێوەرەکە بەشێوەی کۆتایی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکە کە لە ماوەی نۆ ڕۆژدا جێبەجێکرا لە ڕێکەوتی (14 بۆ 22/3/ 2023).

## کەرەستە ئامارییەکان

بە مەبەستی شیکردنەوەی داتاکان و گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە، توێژەر بۆچارەسەری داتاکانی پێوەرەکە ڕێگای هەژماری ڕێژەی سەدی بەکارهێناوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی کاریگەری هەر فاکتەرێکی دەرونی لەسەر شۆفێر لە پابەندنەبونی بە یاساکانی هاتوچۆ. پاشان کەرەستەی ئاماری کای سکوێر (مربع کای) بەکارهاتوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕێژەی سەدی. بەهەمان شێوە بۆ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی ڕێژەی سەدی بەکارهاتوە، ئەلفا کرۆنباخ بۆ پێوانی جێگیری.

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

**یەکەم:** زانینی ڕۆڵی هۆکارە دەرونییەکانی پشت سەرپێچی و ڕوداوەکانی هاتوچۆ لەلای شۆفێران، کە لە هەر چوار ڕەهەند پێکهاتوە:

خشتەی ژمارە (1) ڕۆڵی هۆکارە دەرونییەکانی پشت سەرپێچی و ڕوداوەکانی هاتوچۆ دەخاتە ڕو.

| ڕەهەندەکان | زۆربەیجار | هەندێجار | بەدەگمەن |
|---|---|---|---|
| ئاراستەی نەرێنی ڕوەو یاساکانی هاتوچۆ کە ڕۆڵی هەیە لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | %42.7 | %33.5 | %24.75 |
| ڕۆڵی هەڵچونە دەرونییەکان لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | %43.31 | %36.76 | %19.49 |
| ڕۆڵی سەرکەشی و وروژاندن لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | %50.89 | %31.14 | %17.95 |
| ڕۆڵی فشارو ماندوبونی کار لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | %51.46 | %34.28 | %12.45 |
| ڕێژەی سەدی تەوەرەکە | %44.78 | 32.22 | %24.31 |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت ئەوانەی پێیانوایە کە بەزۆری هۆکارە دەرونییەکان ڕۆڵیان هەیە لەڕوداوەکانی هاتوچۆ ڕێژەی (44.78%)ە، لەکاتێکدا ئەوانەی پێیانوایە هەندیجار هۆکارە دەرونییەکان ڕۆڵیان هەیە لەڕوداوەکانی هاتوچۆ ڕێژەی (32.22%)ە، بەڵام ئەوانەی پێان وایە بەدەگمەن هۆکارە دەرونییەکان ڕۆڵیان هەیە لەڕوداوەکانی هاتوچۆ ڕێژەی (24.31%)ە.

**دووەم:** هۆکارە دەرونییەکانی پابەندنەبونی شۆفێران بەیاساکانی هاتوچۆ بەپێی هەر یەك لە ڕەهەندەکان:

**أ.ئاڕاستەی نەرێنی شۆفێران ڕووەو یاساکانی هاتوچۆ**

خشتەی ژمارە (2) ئاڕاستەی نەرێنی شۆفێران ڕوە و یاساکانی هاتوچۆ دەخاتەڕو

| ژ | برگەکان | زۆربەی جار | ڕێژەکەی | هەندێجار | ڕێژەکەی | بەدەگمەن | ڕێژەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | جێبەجێ کردنی یاساکانی هاتوچۆ ئەستەمە. | 33 | 10.14 | 100 | 32.57 | 174 | 56.67 |
| 2 | سزاکانی یاسای هاتوچۆ توندن. | 102 | 33.22 | 138 | 44.95 | 67 | 21.82 |
| 3 | یاساکانی هاتوچۆ پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە. | 106 | 34.52 | 105 | 34.20 | 96 | 31.27 |
| 4 | جێبەجێ کردنی یاساکانی هاتوچۆ بەس نین بۆکەمکردنەوەی ڕوداوەکانی هاتوچۆ. | 159 | 51.79 | 94 | 30.61 | 54 | 17.59 |
| 5 | یاساکانی هاتوچۆ پێویستیان بە جدیاتی زیاترە بۆ جێبەجێ کردنیان تاوەکو ڕەفتاری شۆفێران بگۆڕێت. | 185 | 60.26 | 84 | 27.36 | 38 | 12.37 |
| 6 | نەبونی داد لە جێبەجێ کردنی سزاکانی یاسای هاتوچۆ دەبێتەهۆی ڕێزنەگرتنی شۆفێران لێی. | 192 | 62.54 | 88 | 28.66 | 27 | 8.79 |
| ڕێژەی سەدی تەوەرەکە | | %42.07 | | %33.05 | | %24.75 | |

لەم خشتەیەی سەرەوە تێبینی دەکەین کە ڕێژەیەکی بەرز لە نمونەی توێژینەوەکە کە (42.07%)ە ئاڕاستەیەکی نەرێنیان ڕووەو یاساکانی هاتوچۆ هەیە، هەروەها زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (56.67%) گرفتیان نییە لە جێبەجێکردنی یاساکانی هاتوچۆ و بە ئەستەمی نابینن. هەروەها ڕێژەی (51.79%) پێیانوایە جێبەجێکردنی یاساکانی هاتوچۆ بەس نین بۆکەمکردنەوەی ڕوداوەکانی هاتوچۆ، لە کاتێکدا ڕێژەی (62.54%) نمونەی توێژینەوەکە وایدەبینن کە نەبونی داد لە جێبەجێکردنی سزاکانی یاسای هاتوچۆ دەبێتەهۆی ڕێزنەگرتنی شۆفێران لێی.

**ب. هەڵچونە دەرونییەکان و ڕۆڵیان لە پابەندنەبون بە یاساکانی هاتوچۆوە.**

خشتەی ژمارە (3) هەڵچونە دەرونییەکان و ڕۆڵیان لە پابەندنەبون بە یاساکانی هاتوچۆ دەخاتەڕو

| ژ | برگەکان | زۆربەی جار | ڕێژەکەی | هەندێجار | ڕێژەکەی | بەدەگمەن | ڕێژەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تورەبونی زۆر و دەمارگیری پاڵنەرن بۆ سنوربەزێنی فەرمانەکانی هاتوچۆ. | 142 | 46.25 | 102 | 33.22 | 63 | 20.52 |
| 2 | گرفتە گەورە خێزانیەکان ڕێگرن لە سەرنجدان لە هێماکانی هاتوچۆ. | 112 | 36.48 | 113 | 36.80 | 82 | 26.71 |
| 3 | مەیلی دژبونی کۆمەڵایەتی شۆفێر پاڵدەنێت بۆ یاخیبون لە یاساکانی هاتوچۆ. | 99 | 32.24 | 130 | 42.34 | 78 | 25.40 |
| 4 | ناکامی لەئەنجامی نەهاتنەدی هەندێك لە ئارەزوەکان وا لەشۆفێر دەکات سەرشێتانە شۆفێری بکات. | 139 | 45.27 | 115 | 37.45 | 53 | 17.26 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | خراپی درککردن بە مەترسییەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرپێچیکردنی یاسای هاتوچۆ. | 181 | 58.95 | 95 | 30.94 | 31 | 10.09 |
| 6 | (دڵخۆشي وخەفەتی) زۆر کاریگەری لە تەرکیزی شۆفێردەکات. | 114 | 37.13 | 115 | 37.45 | 78 | 25.40 |
| 7 | تێکچونی مزاج و باری دەرونی بۆ ئەو کەسانەی کە پێشینەی تاوان و نەخۆشییان هەیە دەبێتە هۆی بێباکییان بەرامبەر بە یاسای هاتوچۆ. | 147 | 47.88 | 98 | 31.92 | 52 | 16.93 |
| 8 | نەبونی سەبر توانای شۆفێر لەدەست دەدات بۆ جێبەجێکردنی ڕێساکانی هاتوچۆ. | 130 | 42.37 | 135 | 43.97 | 42 | 13.68 |
| | ڕێژەی سەدی تەوەرەکە | %43.31 | | %36.76 | | %19.49 | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی (43.31%) نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە کە بەزۆری هەڵچونەکان هۆکاری ڕاستەوخۆی پابەندنەبون و سەرپێچی شۆفێرانە بەیاساکانی هاتوچۆ، ڕێژەی (58.95%) لەنمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە خراپی درککردن بە مەترسییەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرپێچیکردنی یاسای هاتوچۆ، لە کاتێکدا کەمترین ڕێژە لەڕێژەی هەڵچونە دەرونییەکان بریتییە لە (32.24%) نوێنەرایەتی ئەو برگەیە دەکات کە پێیوایە مەیلی دژبونی کۆمەڵایەتی (شۆفێر) پاڵدەنێت بۆ یاخیبون لە یاساکانی هاتوچۆ.

**أ. ڕۆڵی پاڵنەرەکانی سەرکەشی و وروژاندن لە پابەندنەبون بە یاساکانی هاتوچۆوە.**

خشتەی ژمارە (4) ڕۆڵی پاڵنەرەکانی سەرکەشی و وروژاندن لە پابەندنەبون بە یاساکانی هاتوچۆ دەخاتەڕو.

| ژ | برگەکان | زۆربەیجار | ڕێژەکەی | هەندێجار | ڕێژەکەی | بەدەگمەن | ڕێژەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕکابەری لە کاتی لێخوڕیندا دەبێتە هۆی تێپەڕاندنی یاسای هاتوچۆ. | 106 | 34.52 | 136 | 44.3 | 65 | 21.17 |
| 2 | ئەنجامدانی نمایشی مەترسیدار لە کاتی شۆفێریدا، بە تایبەت لەکاتی ئاهەنگ و دڵخۆشیدا، وا دەکات یاسای هاتوچۆ لە چاوی شۆفێردا ببێتە مەرەکەبی سەر کاغەز. | 134 | 43.64 | 136 | 44.3 | 37 | 12.05 |
| 3 | خۆخۆشەویستی و بێ بایەخکردنی ژیانی کەسانی دیکە دەبێتە هۆی کەم سەیرکردنی یاسای هاتوچۆ. | 189 | 61.56 | 93 | 30.29 | 25 | 8.14 |
| 4 | خۆنمایشکردن و شانازیکردن لەبەردەم کەسانی دیکەدا زمانی خۆبەزلزانین بەسەر یاسای هاتوچۆدا دەچەسپێنێت. | 174 | 56.67 | 85 | 27.68 | 48 | 15.63 |
| 5 | سەرقاڵ بون بە شتی ترەوە لەکاتی شۆفێریدا وەك (مۆسیقا، مۆبایل) سەرنجی شۆفیر لەسەر هێماکانی هاتوچۆ لادەبات. | 201 | 65.47 | 69 | 22.47 | 37 | 12.05 |
| 6 | ئۆتۆمبێلی مۆدێرن متمانە بەخۆبونی شۆفێر زیاد دەکات، بەجۆرێک کە هەوڵدەدات لەکاتی لێخوڕیندا مەترسی(مجازەفە) بکات. | 216 | 70.35 | 69 | 22.47 | 22 | 7.16 |
| 7 | پابەندبون بە جێبەجێکردنی یاسای هاتوچۆ سنوردارکردنی ئازادییەکانە. | 50 | 16.28 | 103 | 33.55 | 154 | 50.16 |
| 8 | مامەڵەکردن لەگەڵ شۆفێری وەک شتێکی سادە، سەرنجی شۆفێر لەسەر هێماکانی هاتوچۆ کەمدەکاتەوە. | 180 | 58.63 | 74 | 24.10 | 53 | 17.26 |
| | ڕێژەی سەدی تەوەرەکە | %50.89 | | %31.14 | | %17.95 | |

دەرئەنجامی ڕۆڵی پاڵنەرەکانی سەرکەشی و وروژاندن لە پابەندنەبون بە یاساکانی هاتوچۆ، دەریانخستوە کە ڕێژەی (50.89%) نمونەی توێژینەوەکە وایدەبینن کە زۆربەجار خۆشەویستی و حەزی سەرکەشی و وروژاندن، لەپشت سەرپێچی و شکاندنی یاساکانی هاتوچۆوەیە، کە بەزۆری ئەو شۆفێرانە ئەنجامی دەدەن کە ئۆتۆمبێلی مۆدێرنیان پێیە و

پاڵیان دەنێت بۆ سەرکەشی لەکاتی شۆفێریدا. دوای ئەوە سەرقاڵ بون بە شتی ترەوە لەکاتی شۆفێریدا وەك (مۆسیقا، مۆبایل) سەرنجی شۆفیر لەسەر هێماکانی هاتوچۆ لادەبات بەڕێژەی (65.47%)، هەروەها ڕێژەی (50.16%) بەشداربوان پێیانوابو بەدەگمەن پابەندبون بە جێبەجێکردنی یاسای هاتوچۆ سنوردارکردنی ئازادییەکانە.

**ب. ڕۆڵی فشار وماندوبونی کار لە پابەندنەبون بەیاساکانی هاتوچۆ.**

خشتەی ژمارە (5) ڕۆڵی فشار و ماندوبونی کار لە پابەندنەبون بەیاساکانی هاتوچۆ دەردەخات.

| ژ | برگەکان | زۆربەی جار | ڕێژەکەی | هەندێجار | ڕێژەکەی | بەدەگمەن | ڕێژەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانەی زیاد لەپێویست سەرنجی شۆفێر شپرزە دەکات. | 141 | 45.92 | 117 | 38.11 | 49 | 15.96 |
| 2 | ماندوبون و فشار لەکاردا لە گەورەترین هۆکارەکانی ڕوداوەکانی هاتوچۆیە. | 129 | 42.01 | 133 | 43.32 | 45 | 14.65 |
| 3 | تەنیایی و بێزاری لە ئەنجامی لێخوڕینی مەودای دور، وا دەکات شۆفێران بە ئاستەم پابەندی یاساکانی هاتوچۆ بن. | 179 | 58 | 83 | 27 | 45 | 14.65 |
| 4 | ماندوبون و خەواڵویی وا لە شۆفێردەکات پابەندی هەندێ لەهێماکانی هاتوچۆ نەبێت. | 175 | 57 | 94 | 30.61 | 38 | 12.37 |
| 5 | شەکەت بون دەبێتە هۆی سەرنج نەدانی هێماکانی هاتوچۆ. | 205 | 66.77 | 95 | 30.94 | 07 | 2.28 |
| 6 | فشارە دەرونییەکانی ڕۆژانە، لە پابەندیەکانی یاسای هاتوچۆ کەم دەکاتەوە. | 150 | 48.85 | 108 | 35.17 | 49 | 15.96 |
| 7 | شۆفێریکردن بۆ ماوەی دور و درێژ هەڵچونەکانی شۆفێر زیاد دەکات و هەڵدەستێت بە سنوربەزێنی مەترسیدار. | 114 | 37.13 | 129 | 42.01 | 65 | 21.17 |
| 8 | شەکەت بون دەبێتە هۆی خراپ درککردن بە مەوداکان و پاشان سەرنج نەدان بە ئاماژە و هێماکان. | 171 | 55.70 | 83 | 27.03 | 53 | 17.26 |
| | ڕێژەی سەدی تەوەرەکە | %51.46 | | %34.28 | | %12.45 | |

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕون دەکاتەوە کە ڕێژەی (51.46%) ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە زۆربەیجار فشار و ماندوبونی کار هۆکاری سەرەکین لە پابەندنەبون بەیاساکانی هاتوچۆ، شەکەت بون دەبێتە هۆی سەرنج نەدانی هێماکانی هاتوچۆ ڕێژەی (66.77%)ی بەشداربوان پێك دێنێت، لەدوای ئەوە شۆفێریکردن بۆ ماوەی دور و درێژ هەڵچونەکانی شۆفێر زیاددەکات و هەڵدەستێت بە سنوربەزێنی مەترسیدار بەڕێژەی (37.13%) دێت.

**سێیەم:** زانینی ڕۆڵی هۆکارە دەرونییەکانی لە پابەندنەبونی شۆفێران بەیاساکانی هاتوچۆ لەلای شۆفێران بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، بڕوانامە).

1. بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ)

خشتەی ژمارە (6) گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ) و کاریگەری لەسەر پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ دەخاتەڕو.

| ڕەهەندەکان | نێر | | | مێ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆربەیجار | هەندێجار | بەدەگمەن | زۆربەیجار | هەندێجار | بەدەگمەن |
| ئاڕاستەی نەرێنی ڕوەو یاساکانی هاتوچۆ کە ڕۆڵی هەیە لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 10.97 | 20.73 | 68.29 | 11.47 | 18.03 | 70.49 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی هەڵچونە دەرونییەکان لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 53.65 | 29.67 | 16.66 | 42.29 | 34.59 | 23.11 |
| ڕۆڵی سەرکەشی و وروژاندن لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 58.94 | 24.79 | 16.26 | 36.06 | 34.42 | 29.50 |
| ڕۆڵی فشاروماندوبونی کار لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 61.78 | 27.64 | 10.56 | 40.98 | 31.14 | 27.86 |

دەرئەنجامی ئەم خشتەیە دەریدەخات کە لە ڕەهەندی یەکەمدا (ئاڕاستەی نەرێنی شۆفێران ڕوە و یاساکانی هاتوچۆ) هەردو ڕەگەز وەك و یەکن بە نزیکەیی، بەڵام لە ڕەهەندی دوەمدا (ڕۆڵی هەڵچونە دەرونییەکان لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ) ڕێژەیەکی زۆری ڕەگەزی (نێر) لە نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە کە زۆربەیجار فشار و هەڵچونە دەرونییەکان پاڵنەری دەرچونن لەیاساکان بە ڕێژەی (53.65%). هەروەها لە (ڕۆڵی سەرکەشی و وروژاندن لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ) بەهەمان شێوە ڕەگەزی (نێر) بەڕێژەی (58.94%)ە. وە لە ڕەهەندی چوارەم (ڕۆڵی فشارو ماندوبونی کار لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ) بەهەمان شێوە لە ڕەگەزی (نێر) ڕێژەی زۆربەیجار (61.78%)ە. لە کاتێکدا لەهەرسێ ڕەهەندەکەدا بەگشتی ئەو ڕێژەیە بە ڕێژەیەکی زۆر کەمترە لە (مێ)دا، وەك لە خشتەکەدا دیارە.

2. بەپێی گۆڕاوی تەمەن

خشتەی ژمارە (7) گۆڕاوی تەمەن و کاریگەری لەسەر پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ دەخاتەڕو.

| ڕەهەندەکان | 18-21 ساڵی | | | 22- 35 ساڵی | | | 36-45 ساڵی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆربەیجار | هەندێجار | بەدەگمەن | زۆربەیجار | هەندێجار | بەدەگمەن | زۆربەیجار | هەندێجار | بەدەگمەن |
| ئاڕاستەی نەرێنی ڕوەو یاساکانی هاتوچۆ کە ڕۆڵی هەیە لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 24.28 | 24.28 | 51.42 | 7.00 | 17.19 | 75.79 | 7.5 | 25 | 67.5 |
| ڕۆڵی هەڵچونە دەرونییەکان لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 52.85 | 30 | 17.14 | 51.59 | 38.21 | 10.19 | 48.75 | 37.5 | 13.75 |
| ڕۆڵی سەرکەشی و وروژاندن لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 40 | 35.71 | 24.28 | 55.41 | 25.47 | 19.10 | 52.5 | 21.25 | 16.25 |
| ڕۆڵی فشارو ماندوبونی کار لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 47.14 | 30 | 22.85 | 54.14 | 24.84 | 21.01 | 71.25 | 16.25 | 12.5 |

ئەم خشتەیەی سەرەوە کە تایبەتە بە تێڕوانینی هەریەك لە قۆناغەکانی تەمەن بۆ (ڕۆڵی هۆکارە دەرونییەکان لە پابەندنەبون و سەرپێچی یاساکانی هاتوچۆ)، دەریدەخات کە بەپێی بەساڵدا چون و بەرەو پێشچونی تەمەن ئاڕاستەی نەرێنی ڕوە و یاساکانی هاتوچۆ کەمتر دەبێتەوە و ئاڕاستەکان ڕێڕەوێکی ئەرێنیتر وەردەگرن. بەنمونە دەبینین ئەوانەی تەمەنیان (18- 21) ساڵانە لەنمونەی توێژینەوەکەدا، پێیانوایە (بەدەگمەن) ئاڕاستەکان نەرێنین ڕوە و یاساکانی هاتوچۆ، بە جۆرێك ڕێژەی (51.42%)یان ئەم بۆچونەیان هەیە. لەکاتێکدا لەلای تەمەنەکانی (22-35) ساڵان ئەو ڕێژەیە بەرزبوەتەوە بۆ (75.79%). لە تەمەنەکانی (36-45) ساڵان ڕێژەکەی (67.5%)ە. هەروەها لە ڕەهەندەکانی تر

بەهەمان شێوە جیاوازی لەڕوی تەمەن بەدیدەکرێت، بەتایبەت لە ڕەهەندی (ڕۆڵی فشارو ماندوبونی کار لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ) لەلای تەمەنەکانی (36- 45) ساڵان زۆربەیجار لە ڕێژەی (71.25%) دایە.

3. بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە

خشتەی ژمارە (8) گۆڕاوی بڕوانامە و کاریگەری لەسەر پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ دەخاتەڕو.

| ڕەهەندەکان | زانکۆیی | | | ئامادەیی | | | سەرەتایی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆربەیجار | هەندێجار | بەدەگمەن | زۆربەیجار | هەندێجار | بەدەگمەن | زۆربەیجار | هەندێجار | بەدەگمەن |
| ئاڕاستەی نەرێنی ڕوەو یاساکانی هاتوچۆ کە ڕۆڵی هەیە لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 7.92 | 27.43 | 64.63 | 16.12 | 32.25 | 51.61 | 26 | 32 | 42 |
| ڕۆڵی هەڵچونە دەرونییەکان لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 50.60 | 31.09 | 18.29 | 50.53 | 29.03 | 18.27 | 58 | 22 | 20 |
| ڕۆڵی سەرکەشی و وروژاندن لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 62.19 | 24.34 | 13.41 | 56.98 | 25.80 | 13.97 | 56 | 26 | 18 |
| ڕۆڵی فشارو ماندوبونی کار لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ. | 66.40 | 21.34 | 12.19 | 46.23 | 31.18 | 19.35 | 60 | 24 | 16 |

لەم خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت کە (ئاڕاستەی نەرێنی ڕوە و یاساکانی هاتوچۆ کە ڕۆڵی هەیە لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ)، بەپێی ئاستی (بەرزی بڕوانامە) کەمبوەتەوە، واتە چەن بڕوانامەکە بەرزبێت ئاڕاستەی نەرێنی کەمترە و بە پێچەوانەوەش ڕاستە. بەنمونە بژاردەی (بەدەگمەن) بۆ ڕەهەندی یەکەم، ئەوانەی بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە (42%) بون. وە ڕێژەی (51.61%) ئەوانەبون کە بڕوانامەی ئامادەییان هەیە، هەروەها ئەوانەشی بڕوانامەی زانکۆییان هەبورێژەیان (64.63%) .

**شیکردنەوەی ئەنجامەکان:**

سەبارەت بە ئاڕاستەی نەرێنی ڕوەو یاساکانی هاتوچۆ کە ڕۆڵی هەیە لە پابەندنەبونی شۆفێر بە یاساکانی هاتوچۆ، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەیسەلمێنێ کە یاساکانی هاتوچۆ ڕەتکراوەنین لای شۆفێران، بە ڵکو خواستی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان لەلایەن شۆفێرانەوە پێشوازی لێکراوە، واتە لەڕوی دەرونییەوە شۆفێران ئامادەن مامەڵە لەگەڵ ئەو یاسایانەدا بکەن، لەلایەکی تریشەوە دەبینین کە شۆفێران نارازین لە شلگیری یاساکان و پێیان وایە ڕێ وشوێنی توند نەگیراوەتەبەر لەئاست سەرپێچی و یاسا شکێنیدا، هەروەها نەبونی دادوەری لە جێبەجێکردنی یاسای سزادانەکان لە ئاستێکی بەرزدایە بۆ پابەندنەبون و سەرپێچی کردنی شۆفێران، نەبونی دادپەروەری لە جێبەجێکردنی سزاکاندا وا لە شۆفێر دەکات ڕێزی بۆ یاسای هاتوچۆ کەم بێتەوە، ئەم ئەنجامەش یەکدەرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی سبع، و زعتر:2014: 227). هەڵچونە دەرونییەکان لە پلەی سێیەمدا دێن لەنێوان ڕەهەند و هۆکارە دەرونییەکان کە لە توێژینەوەکەدا وەرگیراون کە پاڵ بە شۆفێرەوە دەنێن بۆ جێبەجێ نەکردنی یاسای هاتوچۆ، لەزۆرترین ئەو هەڵچونانە (درکپێنەکردنی مەترسییەکان و سەرکەشی مەترسیدارە) کە ئەم ئەنجامەش یەك دەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (زهراء:2016)، کەتیایدا تێپەڕاندنی مەترسیەکان لە ڕیزبەندی دوەمی فاکتەرە مرۆییەکاندایە کە هۆکاری ڕوداوەکانی هاتوچۆیە بەڕێژەی (11.23%) (زهراء:2016: 146). هەروەها شڵەژانەکانی میزاج و تورەبونی زۆر و دەمارگیری و هەڵچونەکان دەچنە خانەی شەڕانگێزییەوە کە هەندێك لە شۆفێران ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە و هۆکارن بۆ ڕیز نەگرتن لەیاساکانی هاتوچۆ

هەروەك لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتوە. لە گرنگترین ئەو لێکدانەوانەی کە ئەم ڕەفتارە شەڕانگێزیانە ڕاڤە دەکات، توێژینەوەی (Javadi, Azad, et all:2015: 248) ئاماژە بە پێویستی بەرگریکردن لەو بوارە گرنگە دەکات کە ڕەفتاری بەرگری شەڕانگێزی (دفاعي عدواني) تێدا بەرجەستە بوە. سەبارەت بە هۆکاری سەرکەشی و وروژاندن لە ڕیزبەندی دوەم دێت لەناو فاکتەرە دەرونییەکانی پابەندنەبونی شۆفێران بەیاساکانی هاتوچۆوە، ئەوەی کەوایکردوە ئەم فاکتەرە ڕێژەیەکی بەرز بەدەست بێنێت، ئەو خاڵەیە کەتیایدا ئۆتۆمبێلی مۆدێرن بە هۆکاری سەرکەشی و یاساشکێنی دادەنێت، کە زۆربەی توێژینەوەکانی لەمبارەیەوە کراون پشتڕاسستی ئەو دەرئەنجامە دەکەنەوە (سبع، و زعتر:2014: 227) هەروەها سەرقاڵ بونی شۆفێر بە(مۆسیقا و مۆبیل) یەکێکی ترە لەهۆکاری بەرزی ڕێژەی ئەم ڕەهەندە. وەئەوەی لە پلەی یەکەمدایە بریتییە لە (ماندوبون و شەکەت بونی کار کە هۆکاری خەواڵویی و ماندوێتیە (النعاس والإرهاق) بەتایبەت لە مەودا دورەکانی شۆفێریکردندا، کە وا لە شۆفێر دەکات لە خێرایی یاسایی خۆی لابدات و یان ئاماژە و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ ببەزێنێت و ببێتە مایەی زیان).

**شیکردنەوەی ئەنجامەکان بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز و تەمەن و بڕوانامە)**

ئەوەی کە تایبەتە بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە ئەوەیە کە جیاوازی ئەوتۆ نیە لە نێوان ڕەگەزی (نێر و مێ) سەبارەت بە ئاڕاستەی نەرێنی شۆفێران ڕوە و یاساکانی هاتوچۆ. بەڵام سەبارەت بە بەرزی ڕێژەی ڕەگەزی (نێر) لە هۆکارەکانی فشار و ماندوبون هەروەها حەزی سەرکەشی و وروژاندن لە پابەندنەبون بەیاساکانی هاتوچۆ، توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە کە ئەمە تایبەتە بەسروشتی ڕەگەزی نێرینە، لایەنی فسیۆلۆژی (هۆرمۆنی تێستۆتیرۆن) لێی بەرپرسە، کە پێیان وایە ڕەفتاری توندڕەوی و تێژڕەوی لای ڕەگەزی (نێر) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وایدەبینن کە سەیارەکەیان ئەندامێکە لەجەستەیان و یەکسانە بە هێزو توانای ئەوان(Javadi, Azad, et all: 2015 :248) و (نابلسي:2002: 59). سەبارەت بە قۆناغەکانی تەمەن، لەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی تریش دەرکەوتوە کە بەرەو پێشچونی تەمەن هاوکارە بۆ تێڕوانین و ئاڕاستەی ئەرێنی بۆ یاساکانی هاتوچۆ، هەروەها لە فاکتەرەکانی پەستانی دەرونی و هەروەها سەرکەشی و وروژاندن بەهەمان شێوە تاوەکو بەرە و تەمەن هەڵکشێ ڕێژەکەی جیاواز دەردەکەوێت بەبەراورد بە تەمەنەکانی خوارتر، کە دەشێ ئەمەش بەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونی شۆفێری و شارەزایی کە بەهۆی تەمەنەوە بەدەست دێت، بەڵام لە فاکتەری ماندوبونی کار بەساڵاچوان بەهۆی داخورانی تواناکانیان (لەڕوی فسیۆلۆژی و دەرونیەوە) کەمتر بەرگەدەگرن و زیاتر ئەگەری شکاندنی یاساکانی هاتوچۆیان هەیە بەتایبەت لە نەخوێندنەوەی هێماکانی هاتوچۆ و لادان لە خێرایی یاسایی (زهراء:2016: 125). هەروەها سەبارەت بە گۆڕاوی بڕوانامە دەرکەوتوە کە هەرچەند بڕوانامە بەرزتربێت ئاڕاستەکان ئەرێنی ترن و ڕۆڵی هۆکارە دەرونییەکان ڕێژەکەیان نزمتر دەبێتەوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئاستی پەروەردەیی لە تێڕوانین و مامەڵەکردن لەگەڵ یاساکان، بەهۆی ئاستی هۆشیاری و ئاگایی (پەیوەندیدار بە فراوانی زانست و زانیاری و بەرزی بڕوانامە). لەچەند توێژینەوەیەکدا دەرکەوتوە ئاستی ژیری تاك (شۆفێر و هاووڵاتیانی پیادەڕۆ) کاریگەری زۆری هەیە لەسەر سەلامەتی و ڕێزگرتن و پابەندبون بەیاساکانی هاتوچۆ، واتە هەرچەند ئاستی ژیری تاکەکە بەرزتر بێت بەکارهێنان و ڕێزگرتنی لە ڕیگەو بان و یاساکان زیاترە و دەرئەنجامەکانیش ئەرێنی ترن، بەپێچەوانەوەش. کە ئەمەش جارێکی تر پەیوەندی هەیە بە پەروەردەو هۆشیاری تاك و چاندنی ئەم بنەمایانە لەناخ و دەرونی تاکەکاندا، چونکە هەمومان دەزانین هەمو ئەو ڕفتارانەی کە لەتاکدا ڕەگە دادەکوتن و دەبن بەخو (العادة) کەریگەرترن لە ڕەفتارانەی کە نەبون بە خو (رحمة:2012: 55).

**پێشنیار**

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەبواری دەرونی شۆفێران لەكوردستان.

٢- توێژینەوەكی هاوشێوە لەسەر ئاستی هەرێم ئەنجام بدرێت پەیوەند بەگۆڕاوی تری وەك (ماوەی مۆڵەتی شۆفێری، جۆری ئۆتۆمبێل)

**ڕاسپاردە**

١- لە كاتی دارشتنی یاساكانی هاتوچۆدا هۆكارە دەرونییەكانی شۆفێران لەبەرچاوبگیرێت.

٢- پشكنینی دەرونی بۆ (داواكارانی مۆڵەتی شۆفێری) پێش بەدەستهێنانی مۆڵەت، و پشكنینی بەردەوامی ئەو شۆفێرانەی كە سەرپێچی مەترسیداریان كردوە، ڕاپۆرتی دروستی و سەلامەتی دەرونی بەئەندازەی ڕاپۆرتی پزیشكی و سەلامەتی هەستەوەرەكان پێویستە.

٣- جێگیر كردنی پرۆگرامێك بەناوی یاساكانی هاتوچۆ و سەلامەتی هاتوچۆ و رێگەوبان لە بابەت و پرۆگرامەكانی خوێندندا بەپێی تەمەن و قۆناغی خوێندن (لەچەند ساڵی داهاتوی خوێندن ئەمەبكرێت)، لانی كەم لەبەشێكی یەكێك لەبابەتەكانی وانەی (كارامەیی و بەها كۆمەڵایەتییەكان) كە لە قۆناغەكانی بنەڕەتی (1-9) دەخوێندرێت.

٤- ڕاهێنانەكان و ئامادەكارییەكان (التدريب والتأهيل) لە ئاستی پێویستدابن بۆ دروست كردنی شۆفێری باش، بەجۆرێك پێدانی مۆڵەتی شۆفێری بەرپرسیاریەتیەكی ئاكاری و پیشەیی بێت، نەك پێدانی پارچە كاغەزێك.

## The Role of Psychological Factors in Drivers' Non-Compliance with Non-Constraining Traffic Laws

**Liya Hassan Mohammed**

Department of Education and Psychology, College of Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The current research aims to identify the role of psychological factors on non-restriction of drivers by the traffic law, and also to identify the role of psychological factors on non-restriction of drivers by the traffic law according to change (gender, age, and certification). Their ages are between (18-45) years of both sexes, and for this purpose, the researcher used the (Zahraa: 2016) scale, which consists of (30) items, and is divided into (4) dimensions and psychological factors, including (the negative attitude of traffic laws, the role of psychological emotions in non-compliance with traffic laws, adventurous motivation, excitement, stress and work pressure). The researcher used the psychometric property of the scale, where the apparent validity was achieved and the stability was extracted using Cronbach's alpha method, where the percentage of the scale's validity was (100%), and the scale's stability was (0.80). Drivers' commitment to psychological factors is confirmed according to age groups. The role of psychological factors in the age group (18-25) is higher than in the age group (26-35), and this is also compared to the age group (36-45). Regarding the certificate variable (educational achievement), this study found that the higher the academic achievement, the higher the positive trends, and the lower the role of psychological factors. Finally, suggestions and recommendations were presented.

**Keywords:** Psychological Factors, Traffic Law, Driver.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردیەکان:**

١.بۆکانی،د.سابیر(٢٠٢٠). میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا-سلیمانی.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

بونعارة، ياسمينة (2017). الرضا عن أداء شرطي المرور وسلوكه ودوره في تكوين صورته الذهنية لدى السائقين، جامعة الامير عبدالقادر للعلوم الاسلامية، دراسة استطلاعية في مدينة قسنطينة، مجلة المعيار، عدد ٤٢- جوان- ٢٠١٧.ص ٢٧-٦٧.

حوالف رحمة( 2012 ). التكاليف الاقتصادية والاجتماعية لحوادث المرور بالجزائر، مجلة الباحث، العدد 11 جامعة أبو بكر بلقايد.

زهراء، سعدى بن عامر (2016). علاقة ضغوط العمل بالقابلية للوقوع في حوادث المرور لدى السائقين المهنيين، مجلة حقائق للدراسات النفسيه والإجتماعية، العدد 9 (ج١).، ص ١٢١-١٣٠.

سبع، محمد، و زعتر، نورالدين (2014). اتجاهات السائقين نحو السلامة المرورية، حوادث المرور في الجزائر: مقاربة سيكولواجتماعية. مجلة أنسنة للبحوث والدراسات، العدد 11، ص 99- 112.

عبد الحميد، أمال ( 2010 ). علم الاجتماع القانوني والضبط الاجتماعي، طبعة الاولى، دار المسيرة، عمان .

العبيدي، صالح ( 2009 )، العوامل النفسية لحوادث المرور، الندوة العلمية للتجارب العربية والدولية في تنظيم المرور قسم الندوات واللقاءات العلمية.

الغامدي، علي بن سعيد ( 2003)، مشروع السرعة في قيادة المركبة، رسالة ماجيستر غير منشورة، الرياض.

النابلسي، محمد أحمد (2002 ). علاقة حوادث السير بتشوه الدفاعات النفسية، ورقة مقدمة إلى مؤتمر حوادث السير في دول الخليج، المنعقد في مارس الكويت.

الناصر، فهد بن عبد الرحمن (2005). الأبعاد النفسية والإجتماعية لحوادث المرور بالكويت،مركز الدراسات والبحوث، جامعة نايف للعلوم الأمنية- رياض.

**سەرچاوەکانی لینکی ئینتەرنێت:**

.(News. UN. Org)

/ https://esta.krd/220447

**https://www.who.int**

**https://fb.watch/jUMj2hb8pp**

**https://www.who.int/entity/violence_injury_prevention/road_safety_status/2015/en/index.html**

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

Seyyed Mohammad Hossein Javadi,[1,*] Hossein Fekr Azad,[1] Siyamak Tahmasebi,[2] Hassan Rafiei,[3] Mehdi Rahgozar,[4] and Alireza Tajlili[5] Study of Psycho-Social Factors Affecting Traffic Accidents Among Young Boys in Tehran. Published online 2015 Jul 1. doi: 10.5812/ircmj.22080v2..Iran Red Crescent Med J. 2015 Jul; 17(7): e22080